# کۆنفرانسی دوعا پەیامێك بۆ گۆرینی سیستەمی پیاوسالاری ⋆

ئاسۆکمال
asokamal@yahoo.com



تۆری دوعا بۆ بەرگرتن لە کوشتنی ژنان بیرۆکەی سازدانی ئەم کۆنفرانسی دوعای هینایە ئارا و بەهاوکاری کەمپینی داکۆکی لەمافە مەدەنی ویاسایەکانی ژنان و چەند ریکخراوەی تری ژنان و ریکخراوەی مەدەنی و کەسایەتی و ئەمرۆ پیکەوە لەشاری سلیمانی کۆبوینەوە.

لە16 ساڵی رابردودی کوشتنی هەزاران ژن لە کوردستاندا بۆ جارێك بە صدفە وینەی ژنیك کە ناوی دوعا بوو کەوتە سەر شاشەی بچوکی مۆبایل و لەو ریگەیەوە شاشەی تەلەفزیۆن ورۆژنامە و سایتەکان و میدیای جۆراوجۆر ئەم وەحشیگەریەی بە گۆشت و خوینەوە پیشاندا. ئەم کارە بوە هۆی راچلەکاندنی ویژدانی خەلکی کوردستان بەرامبەر بەم تاوانە رۆژانەیە کە دژ بە ژنان دەکریت. کۆمەلگای مەدەنی کوردستان ئەم درندەیەتیەی پیاوسالاری و کۆنەپەرستی پیتەحەمول نەکرا و دەستی دایە نارەزایەتی دەربرین. لیرەوە دوعا بوە سومبل و ئیمەش کردمانە ناونیشانی کۆنفرانسەکەمان.

کۆنفرانسی دوعا بەشیك لەم نارەزایەتیە جەماوەری وسەراسەریەیە بەرامبەر بە کوشتنی ژنان کە دەنگی نارازی مەدەنیەتی کۆمەلگا دژ بە دەسەلاتی نامەدەنی نیشان دەدا. دەسەلاتیك کە لەسایەیدا 16 ساڵ ژن دەکوژری و ئەمنیەتی نیە. ژنان سوکایەتیان پیدەکری و کراونەتە وابەستەی پیاو لەژیانی ئابوریاندا و نانیان بەدەست پیاوە. ژنان ناچار دەکرین کە چەند ژنە قبول بکەن و لەتەلاق وسەرپەرشتی منالاندا دەستیان دەبەستری. ژنان ناتوانن دلداری بکەن و ژیانی سیکسیان لی کراوەتە دۆزەخ و ژیانی هاوسەریتیان بە ویست وئیرادەی خۆیان نیە. شوینی خۆپاراستن و ئامۆژگاریان بەرامبەر بە توندوتیژی نیە. بەکورتی سیستەمیکی کۆمەلایەتی دژ بەژنان بالادەستە کە سیستەمی پیاوسالاریە و ژنان لەسایەیدا هەمیشە لەژیر هەرەشەدان و بەهەزارانیان بونەتە قوربانی ئەم سیستەمی ئاپارتایدی جنسیە. سەرچاوەی کوشتنی ژنان ئەم سیستەمی پیاوسالاریە و ئەمە روداوی سروشتی کەلتوری نیە، ئەمە تقوسی دینی کۆمەلگایەکی بەربەری نیە. بەلکو ئەمە سیستەمیکی نامەدەنیە کە بەشی جیانەکراوەی دەسەلاتی نامەدەنی وعەشیرەتیە لە کوردستان و ریگاچارەی کۆتایی هینان بە کوشتن وتوندوتیژی بەرامبەر بەژنان گۆرینی ئەم سیستەمە پیاوسالاریەیە.

تەنها سەیری ئاماری وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەریم بکەین دەدردەکەوی کە رادەی کوشتن و

خۆکوشتنی ژنان که هەمان شته لەزیادبوندایه وتەنها له دوو مانگی ئازار و نیسانی 2007دا 54 ژن له چوار شارەکەی کوردستان کوژراون. ئەمه بەلگەی ئەوەیه که دەسەڵات زەمینەی درێژەکێشانی کوشتار و توندوتیژی ژنانی وەك خۆی دەهێڵتەوە. مەحکەمه وقازیەکان و سیستمی قەزایی کەیسی کوشتنی ژنان مامەلەی ئەم تاوانانه بەپێی قانونی عەشایری و دەسەلاتی چەکداری حزبەکان دەکەن. یاسای ئەحوال شەخسی و دەستوری پیشنیارکراو پشتی به شەریعەتی ئیسلامی بەستوه که سەرچاوه و پشتیوانەی ئەم کلتوری توندوتیژیيەیه بەرامبەر بەژنان. راگەیاندنی حزبه دەسەلاتدارەکان سانسۆریان داناوه بۆ بەدواداچوونی کەیسەکانی کوشتن و توندوتیژی و ریگای گۆرینی دابونەریتی کۆمەلگا دادەخەن. دەسەڵات ئامادەنیيه ئالوگۆر لەژیانی ئابوری ژناندا بکات و شوینی نیشتەجێبوون بۆ ژنانی سەروو 18 دابین بکات. پرۆژەی دانانی ئۆفیس ودەزگای پاریزگاری ژنان دانانێ و ئاماده نیيه بودجه بۆ ریکخراوه مەدەنیەکان دانێ بۆ بردنه پێشی ئەو پرۆژانه.

هەربۆیه ریگای واقعی فشارهینانه بۆ ئەم دەسەڵاته نامەدەنیه عەشیرەتیه نەك عەریزەدان و چاوەروانی ریفۆرم لێی. کۆنفرانسی دوعا هەنگاویکه بۆ دەستپیکردنی ئەم فشاره بەشیوەیەکی ریکخراو و بەبەرنامه.

ئیمه دەمانەویت هەموو ئەوکەسانەی لەبواری قانوندا کاردەکەن توندترین قانون بۆ بەرگرتن له کوشتن و توندوتیژی دابنین.هەروەك قانونی ترافیك بەعەمەلی ورۆژانه وبەسەعات ودەیقه کاربکات و لەگەڵ رودانی هەر تاوانیکدا خیرا یاسا بیته دەنگ و مەحکەمه بریاربدا وسزای تاوانبار بدرێت.

خوازیاری ئەوەین هەر ژنیك لەمالدا فشار و هەرەشەی لەسەره بتوانیت پەنابەریته بەر شیلتەر و دەزگای فریاکەوتن و پۆلیس و بپاریزریت له هەرەشه و فشار وژیانی بۆدابین بکرێت.

لەم کۆنفرانسەدا راگەیاندنیکی خۆ به بەرپرسیارزان لەئاست کوشتن و توندوتیژی بەرامبەر به ژناندا دروست دەبێ که خیرا هەوالەکانی توندوتیژی بلاودەکاتەوه و بەدوای ئەنجامدەران و هۆکارەکانی ودەوری دەسەلات و دین و قانوندا دەچیت و کوشتن و توندوتیژی لەلای رای گشتی ریسوادەکات.

ئیمه دەمانەویت هەموو ئەم فشارانه له کوردستان ولەدەرەوه له تۆری دوعادا کۆبکەینەوه و بەهاوئاهەنگی هەموو ریکخراوەکانی ژنان و ریکخراوه مەدەنیەکان و هەموو ئەوانەی پاریزەری یەکسانی ژن وپیاون کاربکەین بۆ کۆتایی هینان به کوشتن و توندوتیژی بەرامبەر بەژنان. هەرچۆن ئیستا لەسەر کەیسی تاوانی کوشتنی شەوبۆ علی ، کەباوکیمان دەعوەت کردوه بۆ ئەم کۆنفرانسه، لەسەر مێردەکەی که له بیرمنگهامه پاریزەری خۆبەخشمان لەلەندەن گرتوه و قسەی باوك ودایکی و بەلگەی گرتنی لەلایەن پۆلیسەوەمان رەوانه کردوه تاکو له بەریتانیا بگیرێ وسزای تاوانەکەی بدرێ . ئەمه نمونەیەك دەبیت که نیشانی ئەو کەسانەی دەدەین که دەیانەویت لەدەرەوه بینەوه و ژنان له کوردستان بکوژن و ئیمه ریگەیان لیدەگرین. هەروەها بەراوردیکیشه له نیوان دەسەلاتی مەدەنی ئەوروپا و دەسەلاتی نامەدەنی کوردستاندا که چۆن لێره تاوانبارانی کوشتنی هەزاران ژن لەپشت سوڵحی عەشایری و پشتیوانەی حزبی چەکداری دەسەلاتدار و شەریعەتی ئیسلامەوه دەستیان بۆ نابرێت و ئەم سیستەمه چەند دژ بەژن و ژیانی مەدەنی خەلکی

**کوردستانه و پیویسته بگۆردرێت.**

**ئیمه لەم کۆنفرانسەوە نەخشەمان داناوە تا پیکەوە بەعەمەلی لە هەموو ئەو بوارانەدا دەست پی بکەین ودوای کۆنفرانس هەر کەس ناچیتەوە مالی خۆی ولەریگای ئەم گروپانەی کۆنفرانسەوە بەدوای ئەم کارانەدا دەچین لەسەرتاسەری کوردستاندا تا پەیامی ئەم کۆنفرانسە کە بەرگرتن لە کوشتن وتوندوتیژی بەرامبەر بەژنانە بەسەرکەوتن دەگەیەنین.**

-----------------------------------------------------------

⋆ **ووتەی کردنەوەی کۆنفرانسی دوعا بۆ بەرگرتن لە کوشتنی ژنان لە** 9 **حوزەیرانی** 2007